# بەریتانیەکان تا ئێستا 9 پاکستانیان لە بکوژانی کوڕە هەڵەبجەییەکە دەستگیر کردوە.



له (ئاسۆعەبدوللەتیف)ەوە

پاش ئەوەی  رۆژی 2007/7/4 هاوولاتی "ئیسماعیل محمد رەشید" هەڵەبجەیی تەمەن 42 ساڵ لەلایەن کۆمەڵێك پاکستانییەوە لە شاری شەفێڵدی بریتانیا بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوژرا، ئێستا پۆلیسی ئەو شارە خرۆشاوەو بە توندی ئیدانەی ئەو کارە ئەکات و سەرگەرمی دۆزینەوەی تاوانبارانەو پەرۆشی ئەوەیە سەرجەم بکەرانی ئەو تاوانە چەپەڵە دەستگیر بکات، بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا 9 کەس لەو پاکستانیە تاوانبارانە لە لایەن پۆلیس و یاساوە دەستگیر کراون و سیانیش لە فرۆکەخانەی ئەو شارە دەستگیر کراون بەو تۆمەتە کە بەنیاز بوون هەڵبێن و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی تاوانبارە هەڵهاتوەکانی دیکە..

شایەنی باسە پاش رووداوەکە پۆلیسی ئەو شارە لە رێگەی (کۆنفرانسکۆڵەوە) پەیوەندیان بە مامۆستا رزگار هەڵەبجەیی برای کوژراوەکەوە کرد کە سەرگەرمی پرسەگێرانی براکەی بوو تا رای بەرێزیان وەربگیرێت سەبارەت بەم دۆسیە، داواکاری و نارەزایەتیەکانی بنەماڵەکەیان لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە بە هەند وەرگیرا وەك ئیفادەیەکی سەرەتایی و بەڵگەنامەیەك نوسرانەوە، لە

ناوەندەکانی میدیاشدا هەواڵەکە بووە سەرنج و مانشێتی زۆرێك لە رۆژنامەو کەناڵە کوردی و بیانیەکان و لە زۆربەی ناوەندەکانەوە ئیدانەکرا، ئێستاش ناوەندی چاك وەك چالاکترین ناوەندی کوردی و هەڵسوراوی داکۆکیکردن لە خەڵکی لێقەوماو و بەشمەینەت و کۆمەڵەی کوردەکانی بریتانیاو هاورێ و دۆستانی (ئیسماعیل محمد رەشید) سەرگەرمی کۆکردنەوەی یارمەتین تاوەکو تەرمی ناوبراو لە وڵاتی غەریبیەوە بهێننەوە بۆ شاری شەهیدان و لە تەنیشت 9 شەهیدی قوربانی بنەماڵەکەیانەوە بناژرێت، ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە کە دەبێت وەزارەتی پەیوەندیدارو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم تاوانە هەڵوێستی جددی و مەبدەئی وەرگرن و چیتر بێدەنگ نەبن.

تێبینی... تکایە تکایە / ئەتوانن خۆتان زانیاری زیاتر وەربگرن و نەهێڵن ئەم تاوانە وەحشیگەریە هەروا بە ئاسانی تێپەر ببێ بەسەر رۆڵەیەکی کوردو هەڵەبجەییەکی بێکەس و لێقەوماودا مەگەر هەر من بزانم چەند بێکەسە ئەم کوڕەو بەداخەوە دەسەڵاتی کوردیش بێدەنگ و بێ هەڵوێستە،
کوا جالیەی کوردیی؟ کوا حیزبە دەسەڵاتدارەکانی بریتانیا ئەوانەی بەردەوام بۆ یادی حیزبەکانیان هەفتەیەك لە کورد سات و کوردستان تیفی رەقس و رەشبەڵەك ئەکەن؟ کوا ماف مرۆڤی کوردی و وەزارەتی هاریکاری و مرۆڤایەتی؟ ئەمانە دەکرێ بکەنە پرسیاری جدی لەو ئەجێندا خەوتووەی دەسەڵاتی کوردی و حکومەتەکەی و تاوانی کوشتنی (ئیسماعیل محمد رەشید) یش دەکرێت بکرێتە مادەیەك بۆ کەمپین و نوسین.